www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:02 10-10-2006

## **ئەی هاورێکەم ... ئاسۆ شێخ کەمال**

پێشکەشە بە هاورێم (هەرێم)

ئەی هاورێکەم
تەمەنی خامەکەم زۆر کورتە
وەلی خوێنی تیا نەماوە
چۆرە خوێنێك لە نێزەیدا تێزاوە
چەندی ویستم
دڵۆپەکانی پاییزی پێ بسرمەوە
ناسك ناسك
بە گەڵا زەردەکان
ملوانکەیەکی پێ بهۆنمەوە
پەیتا پەیتا
بە هەورازەکانی پەرەیەکدا سەرکەومەوە
بست بست
رێگای قەسیدەیەك
لە سەوزایی بیابانێك رونکەمەوە
نم نم
شیلەی دوا ئەسرینم
بە نێو قەدی ستونێکا شۆرکەمەوە
تا لەبناری پەیڤێکا
نهێنیەکانی شیعرێکت
بە تارماییەکانی رۆچێکا
پزیسکێکت بۆ بنێرم
کەچی ئەفسوس
پرمەی گریانی پێنوسێك
پیت بە پیتی
ناو دوا لانەی شیعری سوتان
چ سوتانێك
ئای کە ستەمە هاورێکەم
کاتێك فرمێسك
ئاور لە خەرمانی فیکرێك بەر ئەداو
جۆگەیەکی گری بورکاناوی
بە باخچەیەکی سۆزا تێپەرێنی
ئای هاورێکەم
چەند گرانە گەڵایەکی وشك هەڵگەراو
جارێکی تر بخنکێنی و

ترس بە بالآی چرۆیەکا بکەیت
وەك پێنوسە وشك بوەکەم
کە بە نوسینەوەی نهێنیەکانم
کۆتایی بەتەمەنە بی فەرەکەی
خۆی ئەهێنی
ئای کە عەقڵ کوشندەیە
ئەشکی خامە کوشندەیە
وەك تێگەیشتن لە خود و
ناسینی خواو
بارانی هاوین و
بۆنی بەفر و
چقڵی گوڵ و
گوڵی بی رەنگ و بۆ
ئەی هاورێکەم
ئەوەی مرۆ ئەتاسێنی
زامەکانی بیر کردنەوەن
بەکەلێنەکانی زانستدا رۆدەچن و
پەرەی گوڵ ئەژاکێنن
وەك چزوی هەنگ
دوا نهێنی داڵ ئەمژی و رۆژێکی رون تاریك ئەکا